www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا   8-12-2006 9:23

# ئەبوخەڵەف:پێشمەرگەی دێرین و دانەبراو پێشمەرگە لەشاخ ماڵی وەک هەگبەی پشتی بەکوَڵەوە بوو؟!! ...

## دیداری محمد سیاسی ئەشکەنەیی



گەربەرپرسان بزانن پێشمەرگەی کوَن لەچی ژیانێکدا ئەژیا باوەرناکەم هەرگیز شەو قەت خەویان لی بکەوی و بەڵکو لە هەوڵ دابن، چارەسەرێك بوَ باری ژیانیان بدوَزنەوە تاکو زوَرلەو پێشمەرگە دێرین و دانەبراوانە بەدەست هەژاری و نەبوونی و کەمی مووچەو ئازاری بی خانوویی نەناڵن، بوَیەبوَ دیداری ئەمجارەی روَژنامەی دێرین پێشمەرگەی دێرین و دانەبراوو غەفوور حسێن حسن ناسراووبە (ئەبو خەڵەف) مان دواند کە لەساڵی 1975وە لەرێکخستنی کوَمەڵە دا درێژە بەکارو چالاکی خوَی دەدا و لەساڵی 1979دا لەلایەن ئەمنی هەولێری سەر بەرژێم کەشف ئەبی و پەیوەندی بەکەرتی پێنجی هەرێمی (7) یباڵەك وەدەکات لای شەهیدی سەرکردە حەسەن کوێستانی و لەدوای بوونی بەپێشمەرگە بەشداری شەرەکانی مامەرووت لەسالی 1979وشەری گەڵاڵە ساڵی 1981وشەری ماوەیلان ساڵی 1981وشەری دەرگەڵەساڵی 1981وشەری ناورەواندوزساڵی 1982و شەری بێتواتەساڵی 1983وشەری دوَڵئاکوَیان ساڵی 1985وشەری گرتنی رەبایەکانی پشتی رەواندوز ساڵی 1987دادەکات کەئەو شەرانە بە سەرپەرشتی ئەم سەرکردەو فەرماندە بەرێزانە ئەبن وەك بەرێزان (نەوشیروان مستەفاوشەهیدی سەرکردە حسن کوێستانی و شەهیدی سەرکردە سیدکەریم وقادرخەبات و شەهیدی فەرماندە ئەحمەدمولود بوو.

وەئەبووخەڵەف ووتی:سەرچاوەکانی چەك و تەقەمەنیمان دوژمن بووە لەرێگای دانانەوەی کەمین لە سەربازەکانیان کەبەدیلمان دەگرتن و چەك و جبەخانەمان دەست ئەکەوت، وەرێکخستنەکانیشمان دەوری بەرچاوو کاریگەریان هەبووە لەدابێن کردنی خوَراك و پێداویستی روَژانە .

وەئەبوخەڵەف ئامارەی بەوەدا کەلەپێشمەرگایەتیدا فێری گیانی بەرخوَدان و پاکی و دڵسوَزی و دەست پاکی و خوَشەویستی نەتەوەو نیشتمان بووە، فێری ژیانی هاوکاری و تەبایی و ژیانی دیموکراتیانەبووە. وەهەربوَنەیەکیش هەبایە لەگەڵ هاوسەنگەرانی دا لەمزگەوتەکاندا کوَدەبونەوە وپێش بوَنەوئاهەنگەکەکان گفتوگوَو دیالوکیان دەکرد تاکو بەبەرنامەوە شوێنێکی شیاوو دابنێن و بوَنەکانیان بەسەرکەوتوویی بگێرن، وەسەبارەت بەهەڵسوکەوتی بەرپرسان لەگەڵ پێشمەرگەو خەڵکی گوندەکاندا ووتی:هەڵسوکەوتێکینیشتمانپەروەرانەی دڵسوَزو پاك بوو، چونکە ئەوکات بەرپرسان خوَیان بەخزمەتکاری خەڵك ئەزانی نەك وەك ئەمروَ کەپێچەوانەبوَتەوە!!، وەئەوکات بەرپرس وپێشمەرگە یەکسان بوون وتەنها جیاوازیەکەئەوەبوو کەبەرپرسەکە بەرپرسایەتی و ئەرکی زیاتری لەسەر شان بوو.

وەجیالە وەی ئەرکی نیشتمانی لەسەرشان بوولەساڵی 1978دا خێزانی پێکەوە نابوود ووساڵ دوور لەخێزانی و تاکو ساڵی 1980خێزانی بەیەکجاری دێتە شاخ و شان بەشانی ئەبوو خەڵەف ئەم شاخ بوَ ئەم شاخدەکات، کە ئەبووخەڵەف جگە لەتفەنگەکەی شانی و کوَڵەپشتەکەی و خێزانەکەشی ئەبێتە خەم بوَی چونکە ئەوکات هەر شەوەو روَژە لە جێگایەك و کەلێنە شاخێك ئەبن زوَرجارانیش لەگوندە ئازادکراوەکاندا خێزانەکەی لەماڵی هاوگوندیان بەجی دەهێڵی و کەبوَ هەرکوی بروات خێزانەکەی

لەگەڵیدا ئەبی و چونکە پێشمەرگە لەشاخ ماڵی وەك هەگبەی پشتی هەر بەکوڵەوە بوو، کەجیا لەوەی خەمی بەئازادی کوردستانەوە دەبینی و لەگەڵ ئەوەشدا ژیانێکی خۆشگوزەران بە ئاوات ئەخوازی .

وە خێزانی ئەبوخەڵەف ووتی:ئەوکاتەی کەدوژمن هێرشی دەهێنا بۆ سەرناوچە ئازادکراوەکان دەبوایە ئێمە چوبابنایە کەلێنی شاخەکان تاکو دوژمن نەمان دوزێتەوە کە پیاوەکانمان دەچون بۆ بەرەکانی شەر وەیان لەشاریش ئەو ماڵە خزمەی ئێمەی لی باین وامان تی ئەگەیاندن کەلای هیچ کەسێك نەڵێن هاوسەرەکانیان پێشمەرگەیە بۆیە ئەوەندە نارەحەتی و بێزاریمان بینیووە ئێستا تەنها بەو پرسیارەت وەڵامەکەی نایەتە تەواو بوون، وەبەو هەموو ئازارو دەردەسەریەش ئێستا مووچەکەمان بەقەد هی کەمئەندامێکە کە 60000دینارە کە کوری هەر بەرپرسێك مانگانە بەس وەعدەی مۆبایلەکەی زیاترە لە مووچەکەی ئێمە، کە زۆرجاریش بووبوینە پۆستەچی و نامەبەری بەینی رێکخستنە نهێنیەکانی شارو شاخ0کەجگە لەو مووچەیە هیچ پاداشتێکمان نەدراەتی وەك ژنی شاخ .

وەدواتر ئەبوخەڵەف هاتە قسەو ووتی:لەساڵی1979وەپێشمەرگەمو 160مەتر زەویم لەئۆمەرەکوێروەرگرتووە کەچی لەساڵی 2003وە خانوەکەیم بۆ تەواو ناکری، وەووتیشی داوای هیچ پاداشتێکیش ناکەم لە (ی، ن، ك) جگەلە سەرکەتنی نەبی، ئەبوخەڵەف پی یوایە هەموو دەسکەوتەکانی کورد لەچاوی (ی، ن، ك) وەئەبینی وەهیوایتەمەندرێژیش بۆ بەرێزان مام جەلال و گشت هەڤاڵانی یەکێتی دەخوازی ئەوانەی لەشاخ و لەشار بوون و ئەمرۆیان دروست کرد.

وەئەبووخەڵەف داوایکرد لە حکومەت کە بەرنامەیەکی باش وتوکمە دابنی بۆ باشتر دابێنکردنی ژیانی بنەماڵە ی شەهیدە سەربەرزەکان و وەدابێن کردنی مووچە ی باش بۆ پێشمەرگە دێرینەکان و زیندانیانی سیاسی و ئاوەدان کردنەوەی کوردستان لە هەموو رویەکەوە و وەرەئیشی وابوو کەحکومەتی کوردستان سوپایەکی پرچەك و مۆدێرن دروست بکات لە پێشمەگە دێرینەکان وەداوای وەزارەتێکی تا یبەت بەوانیشی کرد کەچۆن لاوان خاوەنیوەزارەتی تایبەتی خۆیانن لەحکومەتی یەکگرتوودا و وەکوچۆن لەئەمریکا وەزارەتێکی تایبەت هەیە بەجەنگاوەرەدێرینەکان باکوردیش بی بەش نەبی لەو ئیمتیازو پاداشتەی هەیانە وەك چۆن لە ڤێتنام و کۆنگۆ وئەمریکاو مەجەرو کوباو کۆریا هەیانە .... هتد